# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

# پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی پازدەیەم: گرفتی بنکە تەندروستیەکان

کانونی یەکەم 2018

1/1/2019

# ناوەڕۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
| --- | --- |
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 4 | پێشەکی |
| 5 | کارنامەی یەکە |
| 6 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 8 | دەستپێک |
| 8 | ژمارەی بنکە تەندروستیەکان و شێوازی دەوامکردنیان |
| 9 | بنکە تەندروستیەکان لەسەر چ بنەمایەک لە گوندەکان کراونەتەوە |
| 9 | ژمارەی سەردانی نەخۆش بۆ بنکە تەندروستیەکان بە پێی ئاماری بنکەکان |
| 10 | گرفتی بنکەی تەندروستیەکان |
| 12 | رای هاوڵاتیان لەسەر رەوشی تەندروستی گوندەکانیان |
| 16 | ئایا بنکە تەندروستیەکان بون بە سەرچاوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە گوندەکان؟ |
| 17 | چیبکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی تەندروستی لە گوندەکانی گەرمیان |
| 18 | گرفتی کارمەندانی بنکە تەندروستیەکان |

| | |
|---|---|
| بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان چۆن سەرپەرشتی بنکە تەندروستیەکان دەکات؟ | 19 |
| بەشی سێیەم: راسپاردە | |
| راسپاردەکان | 20 |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمسالێش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێرییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم راپۆرت:

### 1. دەستپێک

بنکە تەندروستیەکان لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەری سەرەتایی کراونەتەوە لە گوندەکان، بەو پێیەی گوندەکان دورەدەستن بۆ ئەوەی لە حاڵەتە گەرمەکان چارەسەری سەرەتایی بۆ نەخۆش بکرێت تاوەکو دەگاتە نەخۆشخانەکان، یاخود هەندێک نەخۆشی سارد کە چارەسەرکردنیان سادەییە بتوانرێت هەر لە گوندەکان چارەسەربکرێن و پێویست نەکات دانیشتوانی گوندەکان بۆ هەمو حاڵەتێک سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن.

تەواوی بنکە تەندروستیەکانی گەرمیان دەوامکردن تێیاندا لە چوار کاتژمێر تێپەڕناکات، بەمەش وەک شارەزایانی تەندروستی باسی لێوەدەکەن سودێکی ئەوتۆی نەگەیاندوە بە تەندروستی گوندەکان، چونکە کاتێک بنکەی تەندروستی ئامانجی خۆی دەپێکێت کە بیست و چوار کاتژمێر کارابێت بۆ حاڵەتی نەخوازراو تاوەکو نەخۆش چارسەری سەرەتایی بۆ بکرێت لە هەرکات وساتێک بێت، نەوەک تەنها کاتی بەیانیان سێ بۆ چوارکاتژمێر دەوامی تێدا دەکرێت ئەویش بەتەنها لە چوار رۆژدا.

لەم راپۆرتەدا گرفتی بنکە تەندروستیەکانی گەرمیان و گرفتی هاوڵاتیانی گوندەکان لەگەڵ بنکە تەندروستیەکان دەخەینەرو.

### 2. ژمارەی بنکە تەندروستیەکان و شێوازی دەوامکردنیان

لە سنوری بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان (51) بنکەی تەندروستی هەیە و وەکو زۆرینەی دامودەزگاکانی دیکە ژمارەی رۆژەکانی دەوامکردنیان کەمکراوەتەوە.

بەشێکی زۆری ئەم بنکانە دو کارمەندی تەندروستی هەیە، بەڵام هەندێکیشیان تەنها یەک کارمەندی تەندروستی هەیە، پلەی زانستی ئەم کارمەندانە خۆی دەبینێتەوە لە (پەرستاری کارامە، پەرستار، یاریدەدەری پزیشک، یاریدەدەری دەرمانساز، یاریدەدەری پەیمانگا، یاریدەدەری تەندروستی، یاریدەدەری تاقیگە، ئیدارەی تەندروستی).

شێوازی دەوامکردن لە بنکەکان چوار رۆژە لە هەفتەیەکدا بە پێی ئەو خشتەییەی بۆیان دیاری کراوە، لەم چوار رۆژدا هەر کارمەندێکیان دو رۆژ دەوام دەکات.

کاتی دەوامکردنی کارمەندی بنکە لە بنکەکان بۆ ماوەی (٣-٤) کاتژمێرە لە رۆژێکدا.

### 3. بنکە تەندروستیەکان لەسەر چ بنەمایەک لە گوندەکان کراونەتەوە:

سەرەتای نەوەدەکانی رابردو بە گشتی لە کوردستان دەستکراوە بە دروستکردن و کردنەوەی بنکەی تەندروستی لە گوندەکان، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی ببێتە دەسپێکێک بۆ باشکردنی رەوشی تەندروستی و بوژانەوەی دێهاتەکان گەڕانەوەی دانیشتوانی گوندەکان.

لە ئێستادا وەک عەباس عەبدولعەزیز، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، باسی لێوەدەکات بەپێی رێنماییەکان کە بەنوسراوی فەرمی ئاراستەی بەڕێوبەرایەتیە تەندروستیەکان کراوە کردنەوەی بنکەی تەندروستی بۆ گوندێک دەبێت ژمارەی دانیشتوانی ئەو گوندە سەرو (٧٠٠) کەس بن، هەروەها دەبێت ئەم بنکەیە بکەوێتە دوری (5) کیلۆمەتر لە بنکەیەکی دیکەی تەندروستی.

### 4. ژمارەی سەردانی نەخۆش بۆ بنکە تەندروستیەکان بە پێێ ئاماری بنکەکان

ژمارەی سەردانی نەخۆش بۆ بنکەکان بە پێی وەرز دەگۆڕێت بەم پێیەش کە ئێستا وەرزی زستانە ژمارەی سەردانیکەران زیاترە بەروارد بە هاوین ئەوەش بەهۆی بونی دەوامی خوێندنگای گوندەکان، لێرەدا چەند بنکەیەک وەک نمونە وەردەگرین.

گوندی زەماوەنگە، نزیکەی (60) ماڵی تێدا نیشتەجێیە بە پێی ئاماری لێپرسراوی بنکەکە ژمارەی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ بنکەی تەندروستی زەماوەنگە مانگانە دەگاتە (١٠٠ بۆ ١٥٠) نەخۆش.

هەروەها گوندی قەڵاتۆپزان، کە سەرو (30) ماڵ تێیدا نیشتەجێیە بە پێی ئامارەکان لە بنکە تەندروستیەکەیان لە مانگێکدا (٣٠ بۆ ٤٠) نەخۆش لە گوندەکە سەردانی بنکەکەیان دەکەن.

بەڵام هەندێک لە بنکەکان ژمارەی سەردانیکەریان زۆر کەمە بۆ ئەمەش دەچینە ناحیەی ئاوەسپی کە بنکەی تەندروستی (خانی سەروی) تێدایە، ئەم ناحیەیە لە ئێستادا نزیکەی حەوت ماڵی تێدایە بەپێی زانیاریەکان لە هاویندا ژمارەی ماڵەکانی کەمتر دەبنەوە لەوەی کە ئێستا هەیە.

ژمارەی سەردانیکەرانی بنکەکەشیان بەوتەی لێپرسراوی بنکەکە کە ماوەی پێنج ساڵە لەو بنکەیە بەمانگ(٢ بۆ ٣ ) نەخۆش سەردانیان دەکات.

وتیشی: هەفتە هەیە هیچ نەخۆشێک سەردانمان ناکات.

## 5. گرفتی بنکەی تەندروستیەکان

### ا. نەبونی کارەبا

لە وەرزی هاویندا کارمەندی تەندروستی لە ژورێک دەوام دەکات کە پلەی گەرمی سەرو پەنجا پلەیە و هیچ کارەبایەکیشیان نیە، چونکە کارەبای بنکەکان پەیوەستە بە کارەبای نیشتیمانی گوندەکان ئەو کارەبایەش لە کاتی بەیانیان نیە، مۆلیدەشیان بۆ دابین نەکراوە.

لێپرسراوی پێشوی بنکەی تەندروستی حاجی لەر، ئاماژەبەوەدەکات کە کارەبای بنکەی گوندەکان وەک کارەبای مالآنی گوندەکەیە، واتە هیچ جیاکاریەکی بۆ نەکراوە کە ئەمە شوێنێکی تەندروستیە و دەرمانی لێیە، ئەمەش بۆتە کێشە بۆ پاراستنی دەرمان لە گوندەکان.

ئەیاد عەبدولکەریم وتیشی: "کارمەندیش بە گەرمای هاوین لەوبنکانە دەبێت بێ کارەبا دەوامبکات".

شێرکۆ ئەحمەد، لێپرسراوی بنکەی قۆرەتو، ئاماژە بە کێشەی سەرەکی بنکەکەیان دەکات و دەڵێت: "گرفتی سەرەکی ئەم بنکەیە نەبونی کارەبایە چارەسەرکردنیشی تەنها لەسەر دابینکردن و بەستنی کێبڵێک ماوەتەوە".

چەند بنکەیەکیش بە وتەی لێپرسراوەکانی کێشەی کارەبایان نیە ئیسماعیل محمود، لێپرسراوەی بنکەی تەندروستی گۆبان، وتی: "خەڵکی گوندەکانی دیکەی نزیک بە گۆبان کە بنکەشیان هەیە دێنە ئەم بنکەی ئێمە چونکە سیقەیان بە دەرمانەکانی ئێمە زیاترە لەبەر ئەوەی بنکەکەی ئێمە کارەبای باشە دەرمانەکانی پارێزراون ".

وتیشی: رۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش دەبینین لە بنکەکە.

### ب. شوێنی پاراستنی دەرمانەکان لە گوندەکان لە پلەی گەرمی سەرو ٥٠° سیلیزیەوە بوە

"ئەگەر سەیری نوسراوی سەر دەرمانەکانی بنکە بکەین دەبینیت کە نوسراوە ئەم دەرمانە لە پلەی گەرمی (١٥°) بۆ(٢٠°) پلەی سەدەی هەڵبگیرێت و بپارێزرێت، بەڵام لە بنکەکەی ئێمە لە (٥٣°)پلەی گەرمی سیلیزیدا هەڵگیرابو!". ئەیاد عەبدولکەریم، لێپرسراوی پێشوی بنکەی تەندروستی حاجیلەر، ئەمەی وت.

لەبەرامبەر ئەم کێشەیە لێپرسراوی بنکەکان چیانکردوە؟

بۆ چارەسەری ئەم گرفتە لێپرسراوی پێشوی بنکەی تەندروستی حاجیلەر، ئاماژەبەوەدەکات کە سەروی خۆیان ئاگەدار کردۆتەوەو دەڵێت: "لیژنەی تەندروستیمان ئاگەدار کردۆتەوە، بەڵام تەنها وتراوە بەسەرچاو".

یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش ئاماژەبەوەدەکات کە ئاگادارن پاراستنی دەرمان لە بنکە تەندروستیەکان تەندروست نین.

عەباس عەبدولعەزیز، دەڵێت: " لە گوندەکانی گەرمیان بە هاوینان پلەی گەرما سەرو (٥٠°) پەنجا پلەی سەدییە لە بنکەکانیش کارەبا نیە، بۆیە لەو پلە گەرمییە دەرمانەکان دەمێننەوە کە لە روی زانستیەوە تەندروست نیە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دەرمانەکان".

باسلەوەشدەکات کارمەندیان هەبوە لە بنکەکان لە بەر ژیانی دانیشتوانی گوندەکە رۆژانە دەرمانەکانی لەگەڵ خۆی بردوەتەوە بۆ پاراستنیان لە پلەیەکی گەرمی گونجاو.

### ت. بۆچی دەوترێت دەرمان لە بنکەکان ئیکسپایەر دەبێت؟ زیانەکانی چین ؟

هەندێک لە لێپرسراوی بنکەکان تەئکید لەوەدەکەنەوە کە لەپێشوتردا ئەو گرفتەیان هەبوە کە ئەو دەرمانانەیان پێدراوە کە ماوەی بەسەرچونی نزیک بوە، بەڵام کۆتا جار کە برە دەرمانیان بۆ بنکەکەیان وەرگرتوە ئەم کێشەی نەبوە. محەمەد حەمەمعروف، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی شەهید مام سلێمان، ئەمەی پشتراستکردەوە و وتی: "لەپێشوتر ئەم کێشەمان هەبوە دەرمانی زۆر بەوهۆیەوە ماوەی بەسەرچوە، چونکە خەرجکردنی دەرمان لێرە کەمە ئەگەر دەرمان ماوەی کەمی بمێنێت ئەوە لێرە بەهۆی درەنگ سەرف بونیەوە ئیکسپایەردەبێت".

دەرمانە پزیشکیەکان بەگشتی لە پلەیەکی گەرمی نزمدا هەڵدەگیرێن بۆ ئەوەی لە تێکچون بپارێزرێن، بەڵام ئەگەر بنکەیەک دەرمانەکانی لە پلەی سەرو پەنجا پلەی سیلیزیەوەبێت ئەم دەرمانە بەنەخۆش دەدرێت لە بنکەکان؟ یاخود کاریگەری چی دەبێت لەسەر پێکاهاتەی دەرمانەکە؟

لێپرسراوی بنکەی تەندروستی خانی سەرو، دڵشاد مەحمود، دەڵێت: "دەرمانێک بزانین بەهۆی پلەی گەرمیەوە کاریگەری لەسەر دروستبوە ئەوا نایدەن بەنەخۆش".

هەروەها عەباس عەبدولعەزیز، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەگەر دەرمان کوالێتی بەرزبێت ئەوا پێکهاتەکەی بە ئاسانی تێک ناچێت بەڵکو مانەوەی بە بەردەوامی لەو پلە گەرمیە بەرزە وادەکات لە روی تەندروستیەوە نەتوانرێت ئەو دەرمانە بەکاربهێنرێت. ئەمەش بەهۆکار دەزانێت بۆ ئەوەی لەماوەکانی رابردو بڕێکی زۆر دەرمان لە بنکەتەندروستیەکان بە هەدەر رۆشتون.

**ث. کۆگای دەرمان، دەرمانی بنکەکان وەردەگیرێتەوە دوای ئەوەی کە ماوەی بەسەرچونی نزیک دەبێتەوە؟**

ئەو دەرمانانەی کە دەدرێت بە بنکە تەندروستیەکانی گەرمیان ماوەی بەسەر چونەکەیان نزیکە بە هۆکاری ئەوەشی دەرمان لە بنکەکان درەنگ سەرفدەبێت، ئەم دەرمانانە ماوەیان بەسەر دەچێت کۆگاش بەهۆکاری ئەوەی ژمارەی دەرمانەکان کەمە لێیان وەرناگرێتەوە.

نمونەی یەکێک لەو بنکانە خانی سەروە، لێپرسراوەکەشی باسیلەوەکرد بە هۆکاری ئەوەی ژمارەی ئەو دەرمانانەی کە گەڕاندومەتەوە کەم بوە وەرنەگیراوەتەوە لە کۆگا.

دڵشاد ئەحمەد، دەڵێت: "ئەو بڕەدەرمانەی هەمان بو کۆگای دەرمان لێی وەرنەگرتین بە هۆکاری کەمی ژمارەکەی، ئێمەش بردمانە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لەوێ بۆمان خەرجکرا".

لە ئێستادا ئەو دەرمانانەی لە بنکەکان ژمارەیان کەمە و ماوەی بەسەرچونی نزیکە دەنێردرێتە نەخۆشخانەکان.

محەمەد حەمەمعروف، دەڵێت: "لە ئێستادا نوسراومان بۆ هاتوە هەردەرمانێکمان ماوەی بەسەرچونی سێ مانگ بۆ شەش مانگی بمێنێت دەتوانین بینێرینە نەخۆشخانەکان".

لەبەرامبەریشدا یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی، عەباس عەبدولعەزیز، باسلەوەدەکات کە ئەگەر ماوەی بەسەرچونی دەرمانەکان چەند مانگێکی بمێنێت ئەوا دەتوانرێت بە نوسراو بگەڕێنرێتەوە بۆ کۆگای دەرمان.

## 6. رای هاوڵاتیان لەسەر رەوشی تەندروستی گوندەکانیان

### ا. ئەو گوندانەی کە بنکەی تەندروستی تێدایە

دانیشتوانی گوندەکانی گەرمیان رایان جیاوازە دەربارەی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە گوندەکانیان بەشێوەیەک هەندێک لە دانیشتوانی گوندەکان پێیان وایە ئەم بنکانە رۆڵێکی کاریگەریان نەبوە لەسەر ژیانیان لەکاتی روبەڕوبونەوەی حاڵەتە کتوپڕ و گەرمەکان، هەندێکی دیکەشیان رایان وایە کە بونی ئەم بنکانە دەوری باشی هەبوە بۆ لایەنی تەندروستی دانیشتوانی گوندەکان.

گوندی سەرتەک یەکێکە لە گوندەکانی گەرمیان، ئەم گوندە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە بوە بە شوێنێکی گەشتیاریی، بەڵام لە لایەنی تەندروستییەوە گرنگی تەواوی پێنەدراوە بە وتەی دانیشتوانی گوندەکە، هەروەها

باسلەوەشدەکەن لە وەرزەکانی سەیرانی بەهار و هاویندا ژمارەیەکی زۆر گەشتیار رو لەو ناوچەیە دەکان بەتایبەت لە هاویندا کە ژمارەیماڵەکان لە گوندەکەدا چەند هێندە زیاد دەکات کەچی لەگەڵ ئەمەشدا گرنگی بە کەرتی تەندروستی نەدراوە ، وەک سەرهەنگ محەمەد، دانیشتوی گوندی سەرتەک، وتی : "ئەو بنکە تەندروستییەی کە لە گوندەکەی ئێمە هەیە هیچ سودێکی بۆ دانیشتوانی گوندەکەمان نیە، چەند جارێک سەردانم کردوە تەنانەت چارەسەرە سەرەتایەکانیشی تێدا ناکرێت، زۆربەی کات دەوامی تێدا ناکرێت یان کارمەندەکەی نزیک کاتژمێر دەی بەیانی دێت پاش کەمتر لە کاتژمێرێک دەڕواتەوە".

ئەو باسلەوەشدەکات لە بنکەی تەندروستی سەرتەک بڕی پێویست دەرمان نیە بۆ ئەو کەسانەی کەسەردانی بنکەکە دەکەن: "کە خەڵکی گوندەکە دەچنە بنکەکە هیچ دەرمانێکی وای لێنیە کە بیدەن بەنەخۆشەکان".

بە پێی بە دواداچونەکانی یەکەی چاودێری لێپرسراوی بنکەکان بەرپرسن لە داواکاری دەرمان بۆ بنکەکانیان لەماوەی چوار مانگ جارێک بە گوێرەی پێویستی بنکەکەیان.

دانیشتوانی گوندەکانی دیکەش باسلەوەدەکەن کە بنکە تەندروستیەکان نەبوە بە کارئاسانی بۆ باری تەندروستیان، فایەق حەمەساڵح، کە دانیشتوی گوندی لالی خانە، باسی رەوشی تەندروستی کرد لە گوندەکەیان، ئەو بەوە دەستی پێکرد کە ئەو کەسانەی سەرپەرشتی تەندروستی گوندەکان دەکەن ئاستی شارەزایان لە تەندروستی لاوازە ناتوانن نەخۆشیەکانیان دیاری بکەن.

بۆ شێوازی پێدانی دەرمان فایەق حەمەساڵح، وتی: "کە سەردانی بنکەکە بکەین ئەوەندە دەرمانمان پێدەدات زیاد لە پێویست لەو روەوە کێشەمان نیە".

زۆری پێدانی دەرمان بەنەخۆش لە گوندەکان  بە وتەی چەند لێپرسراوێکی بنکە تەندروستیەکانی گەرمیان بۆ ئەوەیە خەڵکی گوندەکان سودی لێببین، چونکە ئەو دەرمانانە بەهۆی مانەوەی زۆریان لە بنکەکان وە خەرج نەکردنیان و هەروەها نەبونی شوێنی تەندروست بۆ پاراستنیان هەر ماوەیان بەسەر دەچێت و  (ئیکسپایەر)دەبن.

وتیشی: خەڵکی گوندەکە فێری هیچ فریاگوزاریەکی سەرەتایی نەکراون تاوەکو لە حاڵەتە گەرمەکان خۆیان بتوانن چارەسەرێکی سەرەتایی بۆ کەسی نەخۆش بکەن.

### ب. ئەو گوندانەی کە بنکەی تەندروستی تێدا نیە

بەشێکی گوندەکانی گەرمیان هیچ بنکەیەکی تەندروستیان تێدانیە، وەک دانیشتوانی ئەو گوندا ئاماژەیان بۆ کردوە چەندین جار داوایان کردوە لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و ئیدارەی گەرمیان بۆ کردنەوەی بنکەی تەندروستی لە گوندەکانیان، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆیان نەکراوەتەوە.

بۆ ئەمەش گوندی عەولاقوت، وەک نمونە وەردەگرین کە گوندەکەیان تاوەکو ئێستا بنکەی تێدا نەکراوەتەوە وەک ئەنجومەنی گوندەکە علی عەزیز، بۆی باسکردین کە گوندەکەیان (١٠١) ماڵی تێدایە و ژمارەی دانیشتوانی (477) کەسە.

علی عەزیز، ئاماژەی بەوەشکرد: ئەگەر حاڵەتێکی گەرم هەبێت بۆ ئەوەی بیگەیەنن بە نزیکترین شوێنی چارەسەر ئەوەپاش (٤٥) خولەک دەتوانن نەخۆشەکەیان بگەیەننە شوێنی مەبەست، ئەمەش مەترسی تەواو لەسەر ژیانی نەخۆشەکەیان دروست دەکات.

هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەم گوندە دەکەوێتە نزیک ناحیەی رزگاری، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم ناحیەیە مەڵبەندە تەندروستیەکانی (٢٤) کاتژمێری نین دەبێت خەڵکی ئەم گوندانە نەخۆشەکانیان بهێننە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، لە ناوەندی قەزای کەلار.

گوندی سەید خەلیلی فەقێ مستەفا، بەهەمانشێوە بنکەی تەندروستی نیە، نزیکترین بنکەی تەندروستیش لێیەوە وەک دانیشتوانی گوندەکە ئاماژەیان بۆکرد بنکەی تەندروستی گۆبانە، بەڵام ئەوان دەڵێن تابگەینە گۆبان دەگەینە ناوەندی کەلار ئیتر چ فایدەیەکی هەیە بۆ بۆمان،

نەبەر جەلال، دانشتویەکی گوندی سەید خەلیلی فەقێ مستەفایە، ئەو باسی روداوێکی کرد کە بەهۆی نەبونی کەرتێکی فریاگوزاری خێرا بۆ گوندەکان یاخود نەبونی مەڵبەندی ٢٤ کاتژمێری بۆ چەند گوندێکی نزیک بەیەک دانیشتویەکی گوندەکەیان گەشتۆتە لێواری مەرگ: "هاوین بو دانیشتویەکی گوندەکەمان دوپشک پێوەیدابو، چونکە گوندەکە دورە لەشارەوە لە نزیکیشي هیچ شوێنێکی ئێشگری تەندروستی نیە بۆیە تا گەیاندمانە نەخۆشخانەی شەهید هەژار حاڵی زۆر خراپ بو، هەر بۆیە ناردیانە فریاکەوتنی سلێمانی".

### ت. مەڵبەندە تەندروستیەکان کاریگەریان چی بوە لەسەر ژیانی گوندنشینان

"هەندێک لە گوندەکان پێویست دەکات لەناو بنکەکانیان بەدەر لە چارەسەری سەرەتایی کۆمەڵێک چارەسەری دیکەشی تێدا بکرێت بەهۆی ئەوەی دورەدەستن و ئەو مەڵبەندە تەندروستیانەشی کە نزیکن لەو گوندانە چالاک نین تاوەکو ببنە مایی سود بۆ دانیشتوانی ئەو گوندانە". سەردار رەسوڵ دانیشتویەکی گوندی هۆرێن ئەمە دەڵێت.

هەروەها عەزیز محەمەد، ئەنجومەنی گوندی عەولاقوت، باسیلەوەکرد کە مەڵبەندە تەندروستیەکان نەبون بە فریادرەسیان ئەوان لەبری ئەو مەڵبەندانە ناچارن بچنە نۆرینگە ناحکومیەکانی ناحیەی رزگاری، چونکە مەڵبەندەکان (24) کاتژمێری نین.

### ث. تا ئێستا لە هیچ گوندێکی گەرمیان خولی هۆشیاری تەندروستی و فریاگوزاری سەرەتایی نەکراوەتەوە:

ئەگەر چارەسەرە کوردەواریەکان و شێوازی کۆنی چارەسەری سروشتی نەبوایە ئەوا خەڵکی گوندەکانی گەرمیان رۆژانە روبەڕوی چەندین مەترسی تەندروستی دەبونەوە چ لە حاڵەتە گەرمەکان یاخود ساردەکان، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە بەو روەش راستە کە بەرامبەر ئەم جۆرە چارەسەرکردنانە بەدەر لە سودەکەی زیانیشی گەیاندوە بە دانیشتوانی گوندەکان کە هەندێک لەو چارەسەرانە لە روی زانستیەوە دەرکەوتوە نادروستە.

خەڵکی گوندەکان هۆشیاری تەندروستیان زۆر کەمە تائێستاش زۆر شت هەیە ئەوان نایزانن وەک خەڵکی شار نین ئەمە تێروانینی دانیشتویەکی گوندی سەید خەلیلی فەقێ مستەفاییە، نەبەرد جەلال زیاتر دواو وتی: "دایکم بەهۆکاری ناشارەزایی تەندروستی ئێستا لە جێگە کەوتوە ئەگەر ئەو کەمێک هۆشیاری هەبوایە ئێستا بەم شێوەیە نەدەبو، بۆیە زۆرگرنگە خەڵکی گوندەکان هۆشیاری تەندروستیان پێبگات فێری خۆپاراستنیان بکەن".

هەروەها سەرهەنگ محەمەد، دانیشتوی گوندی سەرتەک وتی: "لەم گوندەی ئێمە هیچ خولێک بۆ فریاگوزاری سەرەتایی یان هەر بوارێکی دیکەی تەندروستی نەکراوەتەوە چ لە لایەن بەرێوبەرایەتی تەندروستی یاخود رێکخراوەکانەوە".

لێپرسراوەی بنکە تەندروستیەکانی گوندەکان و دانیشتوانەکەی باسلەوەدەکەن کە تاوەکو ئێستا هیچ خولێکی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ خەڵکی گوندەکان نەکراوەتەوە.

"لە گوندەکەی ئێمە بەدەر لە چەند رێکخراوێکی ئافرەتان کە هاتون بۆ هۆشیارکردنەوەي ژنانی دانیشتوی گوندەکەمان هیچ لایەنێکی تەندروستی سەردانی نەکردون بۆ هۆشیاری تەندروستی". عەزیز محەمەد، دانیشتوی گوندی عەولاقوت ئەمەی وت.

لێپرسراوی بنکەی تەندروستی حاجی لەر، ئەیاد عەبدولکەریم دەڵێت: "لە گوندی حاجی لەر خۆم بۆماوەی پێنج ساڵ لێپرسراوی بنکە تەندروستیەکەیان بوم هیچ خولێک یان سیمنارێکی هۆشیاری تەندروستی بۆ خەڵکی گوندەکە نەکراوەتەوە".

## 7. ئایا بنکە تەندروستیەکان بون بە سەرچاوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە گوندەکان؟

لەکاتی باسکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەبێت ئەوەمان لە پێش چاو بێت لە بنکە تەندروستیەکان بەگشتی دەوامکردن لە نێوان (٣بۆ٤) کاتژمێر تێناپەرێت، دەمانەوێت بزانین ئەمە بۆتە هۆکارێک بۆ بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لەو گوندانەی کە بنکەی تەندروستیان تێدایە.

"داخستنی بنکەی خانی سەرو زەرورە بەهەمو پێوەرێک" دڵشاد مەحمود لێپرسراوی بنکەکە ئەمەی وت.

بەهۆکاری ئەوەی ئەم بنکەیە جگە لە زەرەری گشتی لە داهاتی دارایی کە پێنج کەس لەم بنکەیە موچە وەردەگرێت سودێکی ئەوتۆی نیە: "لەم بنکەیە دو کارمەندی تەندروستی هەیە و دو کارگوزار لە گەڵ پاسەوانێک بە هەر پێنجمانەوە سودی یەک موچە بە حکومەت ناگەیەنین، هیچ سودێکیشی بۆ خەڵکی گوندەکە نیە".

دەشڵێت: "بنکە ٢٤ کاتژمێر نیە لە گوندەکان ئەگەر حاڵەتێکی نەخوازراویشبێت بەناچاری دەبێت بچنە قەزاکان، لەبەر ئەمە هیچ دەورێکی نیە بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی"

لێپرسراوی بنکەی حاجیلەریش پێی وایە بنکەکان نەبون بەهۆی بەرەوپێشبردنی رەوشی تەندروستی گوندەکان تەنها هاوکارێکی سادەبون بۆ چارەسەری سەرەتایی.

یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی، عەباس عەبدولعەزیز هەمان رای هەیە لەسەر ئەوەی بنکە تەندروستیەکان بەم شێوەییەی ئێستا کە هەیە سودێکی ئەوتۆی نیە، کەمکردنەوەو داخستنی بەشێکیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی سود لە توانای ئەوکارمەندانە وەربگیرێت بۆ بەرەوپێشبردنی خزمەتگوازریە تەندروستیەکان بەشێوەیەکی دیکە، چونکە

بنکەکان تەنانەت چارەسەری سەرەتای پێوەدانی دوپشک وماریشی تێدا نیە! بەهۆکاری ئەوەی بیست و چوار کاتژمێری نین و شوێنی پاراستنی دەرمانەکانیان تەندروستنین.

بەڵام فازل محەمەد، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی زەماوەنگە، رای جیاوازەو دەڵێت: "بنکەکان کاریگەرییەکی باشیان هەیە بۆ سەر تەندروستی گوندەکان"

تارق ئەحمەد، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی لالی خان، هەمان رای هەیە کە پێی واییە بنکەکان دەوری باشیان هەیە بۆ لایەنی تەندروستی گوندەکان.

## 8. چیبکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی تەندروستی لە گوندەکانی گەرمیان

یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دو پێشنیار دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان و سودگەیاندنی زیاتر بە دانیشتوانی گوندەکان.

عەباس عەبدولعەزیز، دەڵێت: "دەتوانرێت لەبری ئەم بنکە تەندروستیانەی کە ئێستا هەن باشتروایە بە شێوەی بنکەی گەڕۆک سەردانی گوندەکان بکرێت، چونکە شوێنی گوندەکان دورە و پاراستنی دەرمان تێیدا تەندروست نیە، ئەوکات دەتوانرێت بەشێوەیەکی تەندروست و گونجاوتر خزمەتی تەندروستی بگەیەنرێتە دێهاتەکان".

وتیشی: "هەروەها دەکرێت ئەم بنکانە دابخرێت لە بەرامبەر ئەمەدا ژمارەی مەڵبەندەکان زیادبکرێت و دەوامی (٢٤) بیست وچوار کاتژمێری تێدابکرێت".

ئەگەر پرۆژەی بەم شێوەیە درابێتە وەزارەت بۆ چی وەزارەت کاری لەسەرنەکردوە بۆ بەرەوپێش بردنی رەوشی تەندروستی گوندەکان؟ عەباس عەبدولعەزیز، ئەمە دەبەستێتەوە بە دوهۆکار ئەوانیش نەبونی توانای بڕیاردان لە ئاستی سەرەوە و ناهۆشیاری خەڵکی گوندەکان کە رێگرن لە داخستنی بنکەکەکان.

دەڵێت: "تەنها هۆکار بۆ نەگۆڕینی ئەم شێوازەی خزمەتگوزارییە تەندروستیەی ئێستای گوندەکان نەبونی توانای بڕیاردانە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە لەگەڵ ناهۆشیاری تەندروستی دانیشتوانی گوندەکان کە پێیان واییە هیچ شتێک باشتر نیە لە بنکە بۆ تەندروستی گوندەکەیان لە کاتێکدا هەر خۆشیان گلەییان لە بنکەکان هەیە، بەڵام کە باسی گۆڕینی ئەم سیستەمەی ئێستا بکەین ئەوا لەبەر تێنەگەشتنیان لە پرسەکە رێگری دەکەن".

## 9. گرفتی کارمەندانی بنکە تەندروستیەکان:

بەشێوەیەکی گشتی گرفتی کارمەندان پەیوەستە بە گرفتی بنکەکانەوە وەک دابینەکردنی کارەبا لە هاویندا بەوهۆیەش کارمەند لە ژورێکی زۆر گەرم دەبێت بمێنێتەوە دەوام بکات بۆ زستانیش بە پێچەوانەوە کە سوتەمەنیان بۆ دابینناکرێت.

### ا. دابیننەکردنی سوتەمەنی

"لەبەر سەرما نەخۆم دەتوانم لە ژورەکە دابنیشم نە دەشتوانم ئاوێک بۆ نەخۆش دابنێم، لەبەرئەوەی هیچ برە سوتەمەنیەکمان بۆ دابین نەکراوە". لێپرسراوی بنکەی تەندروستی شەهید مام سڵێمان، محەمەد حەمەمعروف، ئەمەی وت.

بەهۆی دابیننەکردنی سوتەمەنی بۆ کارمەندی بنکەکان وەک هەندێکیان باسیان لێوەکرد بەهۆی سەرماوە بەناچاری پەنادەبەنە بەر ئیدارەی خوێندنگای گوندەکان.

### ب. گرفتەکانی هاتوچۆی کارمەندان

هەندێک لە گوندەکان دورەدەستن بەشێوەیەک دەبێت زیاد لەکاتژمێرێک کارمەند بروات بە رێگای قیرتاو پاشان زیاد لە نیو کاتژمێر بە رێگای خۆڵی بۆ ئەوەی بگات بە ناوەندی گوندەکە ئەمەش بەدەر لە ماندوبونێکی زۆر بە وتەی کارمەندان خەرجی هاتوچۆکردنەکەشیان زۆر کەمە.

لێپرسراوی بنکەی تەندروستی گوندی تەپەسی وەک بۆی باسکردین بۆ ئەوەی رۆژانە بگاتە ناوەندی گوندەکە دەبێت کاتژمێرێک بە رێگاوەبێت لەم کاتژمێرەش نزیکەی ٣٠ خولەک دەبێت بە رێگای خۆڵدا بڕوات کە رۆژانی باران ئەگەری پەککەوتنی ئۆتۆمبێلەکەی هەیە.

دەربارەی خەرجکردنی دەرماڵەی هاتوچۆ، محەمەد حەمەمعروف، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی شەهید مام سڵێمان، وتی: "هیچ دەرماڵەیەکمان بۆ خەرجناکرێت و بە سەیارەی خۆم هاتوچۆ دەکەم".

فازل محەمەد، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی زەماوەنگە، جەختی لەوەکردەوە کە کرێی هێنانی دەرمانیشیان بۆ خەرجناکرێت.

لە بنکەکان جیاوازی هەیە بۆ خەرجکردن و خەرجنەکردنی کرێی هاتوچۆ و کرێی هێنانی دەرمان، چونکە بۆ بەشێکیان خەرجدەکرێت ئەمەش بە پێی وتەی خۆیان.

دڵشاد مەحمود، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی خانی سەرو، ئاماژە بەو برەپارەیە دەکات کە بۆیان خەرج دەکرێت وەک کرێی هاتوچۆ: "کرێ بۆ ناوشار ٣٠ هەزار دینارە، بەڵام بۆ گوندەکان ٦٠ هەزار دینارە".

لێپرسراوی بنکەی قەڵاتۆپزان باسلەوەدەکات کە کرێی هێنانی دەرمانیان بۆ خەرج دەکرێت، بەڵام زۆر درەنگ. ئارام عاسی، وتی: "راستە کرێی هێنانی دەرمانمان بۆ خەرج دەکرێت، بەڵام زۆر درەنگ خەرج دەکرێت".

دەربارەی گرفتی کارمەندەکان و هاتوچۆکردنیان بۆ بنکەکیان دەڵێت: "رۆژانە بۆ ئەوەی بگەمە ئەو بنکەتەندروستیەی کە تێیدا دەوام دەکەم دەبێت نزیکەی کاتژمێرێک و بیست خولەک بە رێگاوەبم".

## 10. بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان چۆن سەرپەرشتی بنکە تەندروستیەکان دەکات؟

بە پێي بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری بنکەی تەندروستی گوندەکان چاودێریەکی ورد ناکرێن، لەکاتێکدا بنکە تەندروستیەکان راستەوخۆ لەلایەن بەڕێوبەرایەتی تەندروستیەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

لەمبارەیەوە عەباس عەبدولعەزیز، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەوە چاوپۆشیان کردوە لە زۆر شت، بەڵام لەماوەی دوهەفتەی رابردو دەستیانکردوە بە بەدواداچون بەتایبەت بۆ دەوامکردنی کارمەندانی بنکە تەندروستیەکان.

عەباس عەبدولعەزیز، وتیشی: "لەماوەی دوهەفتەی رابردو دوای بەدواداچونکردن ئەو بنکانەی کە دەوامی تێدا نەکرابو سەرجەم ستافەکەی بە نەهاتو (غیاب) دانراون".

**بەشی سێیەم/ راسپاردە**

1. بونی بنکەی (٢٤) بیست وچوار کاتژمێری بۆ گوندەکان پێویستیەکی سەرەکیە تاوەکو لە حاڵەتە کت و پڕ وگەرمەکان بتوانرێت لە نزیکترین شوێن چارەسەری سەرەتایی بۆ نەخۆش بکرێت. بۆ ئەمەش دەتوانرێت لە ئێستادا وەک چارەسەرێکی پێشوەختە لە چەند گوندێکی نزیک بەیەک هەفتانە هەر رۆژەو بنکەیەک بیست وچوار کاتژمێر دەوامی تێدا بکرێت.
2. دابینکردنی فریاگوزاری خێرا بۆ گوندەکان گرنگیەکی پێویستە تاوەکو چیدیکە دانیشتوانی گوندەکان نەبنە قوربانی درەنگ گەیشتن بە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن.
3. نا تەندروستی شوێنی پاراستنی دەرمان لە بنکە تەندروستیەکان بوەتە مایەی ترس لای دانیشتوانی گوندەکان بۆیە گرنگە لایەنی پەیوەندیدار بە دابینکردنی کارەبا بۆ بنکەکان ئەم کێشەیە کۆتایی پێبهێننێت بۆ ئەوەی حاڵەتی نەخوازراو بەم هۆیەوە توشی دانیشتوانی گوندەکان نەبێت، چونکە لە وەرزی هاویندا بە وتەی کارمەندانی بنکە تەندروستیەکان پلەی گەرمی شوێنی پاراستنی دەرمانەکان سەرو (٥٠°) پلەی سەدییە لە گەرمیان.
4. بونی ئەم بنکە تەندروستیانە وەک ئێستا کە شارەزایانی ئەم بوارە رونیانکردۆتەوە سودێکی ئەوتۆی نەگەیاندوە بە گوندەکان، بۆ باشکردنی رەوشی تەندروستی گوندەکان دەبێت هەوڵبدرێت بەدیلەکانی بنکەی تەندروستی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، یاخود بنکەکان بکرێن بە ٢٤ کاتژمێری بۆ ئەوەی لە حاڵەتە گەرمەکان بتوانرێت چارەسەرێکی سەرەتایی تێدابکرێت.
5. بنکە تەندروستیەکانی هەندێک لە گوندەکان ژمارەی سەردانی کەریان کەمە بەمەش وەک شارەزایانی تەندروستی ئاماژەی بۆ دەکەن سودێکی ئەو تۆی نیە بۆ گوندەکان چونکە بنکەکان بەو کاتە کەمەی دەوامکردن ناتوانن دەورێکی باشبگێڕن هەربۆیە لەبەرامبەر ئەو بنکە تەندروستیانەی کە ئێستا هەیە لە دەتوانرێت بنکەی گەڕۆکی تەندروستی بەکاربهێنرێت

ا) بەم رێگایە دەتوانرێت ئەو گوندانەش بەسەربکرێتەوە کە ئێستا بنکەی تەندروستیان نیە بەمەش دانیشتوانی ئەو گوندانەش چارەسەری سەرەتایان پێدەگەیەنرێت.

ب) ئەو بنکە تەندروستیانەی کە بەهۆی کەمی سەردانی نەخۆشەوە دەرمانەکانیان ماوەیان بەسەر دەچێت بەهۆی ئەم رێگاییەوە ئەو کێشەیە کۆتایی دێت.

ت) وەک کارمەندانی بنکەی گوندە دورەدەستەکان ئاماژەی پێدەکەن هاتوچۆکردن یەکێکە لە کێشەکانیان بەم رێگاییە ئەم کێشەیە راستەوخۆ کۆتایی دێت.

6. ناچالاکی مەڵبەندە تەندروستیەکان وای کردوە نەک دانیشتوانی ناحیەکان بەڵکو گوندەکانیش زەرەرمەندبن، بەتاییەت بۆ حاڵەتە گەرمەکان، دانیشتوی هەندێک لە گوندەکان پاش زیاتر لە کاتژمێرێک دەگەنە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی قەزاکان، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانی نەخۆشەکە بکەوێتە مەترسیەوە یاخود گیان لەدەستبدات.
7. پێویستە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی چاودێریەکی وردی کاری بنکەکان بکات لە روی دەوامکردن و شێوازی پێدانی چارەسەر بە نەخۆش لەلایەن کارمەندی بنکەکانەوە.
8. هۆشیاری تەندروستی لە گەرمیان هێشتا لە ناوەندی قەزاکان لە ئاستێکی نزمدایە بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری بەهەمان شێوە دانیشتوانی گوندەکانیش وەک خۆیان ئاماژەیان پێکردوە ئاستی هۆشیاریان بۆ تەندروستی زۆر کەمە، هەر بۆییە گرنگە لایەنی پەیوەندی دار کە وەزارەتی تەندروستیە ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت هەڵمەتی هۆشیاری تەندروستی بگەیەنێت بە دانیشتوانی گەرمیان و بەتاییەت گوندەکان.
9. رێکخراوەکانی پەیوەست بە تەندروستی دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە هەڵمەتی هۆشیاری بۆ دانیشتوانی گوندەکان.
10. دابین نەکردنی سوتەمەنی بۆ بنکە تەندروستیەکان یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانی کارمەندانی بنکە تەندروستیەکان، پێویستە ئیدارەی گەرمیان لە رێگەی نەوت و کانزاکانی گەرمیانەوە بری نەوتی پێویست بۆ بنکەکان دابین بکات.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**
07702303676 -07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org